Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)
ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان - کوردستان

سێپتەمبێر
2013

ڕاپۆرتی سیاسی

# کوردانی ڕۆژئاوا: کۆڕەوێکی چاوەڕواننەکراو!

کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان دوای کەمتر لە دوو ساڵ راپەڕین، لەوپەڕی بێئومێدیدا رووی خۆیان بەرەو هەرێمی کوردستان وەرگێڕا و کۆڕەوێکی لە ناکاویان دەستپێکرد. میللەتێک بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی رابردوو بە حەسرەتی کەمێک سەربەخۆیی بووە، هۆی چییە لەکاتی دەسەڵاتی ناوخۆییدا وڵاتەکەی چۆڵ دەکات؟! چ هەڕەشەیەک یان تەماعێک یان پیلانێک لە پشت ئەو بڕیارە گشتیەدا هەیە؟

info@irdk.org
+964 66 257 6001
Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq
www.irdk.org

POLITICAL

# کوردانی ڕۆژئاوا: کۆڕەوێکی چاوەڕواننەکراو!

ئەنستیتۆی تۆێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان (IRDK)

3201/9/8

کوردەکانی رۆژاوای کوردستان دوای کەمتر لە دوو ساڵ راپەڕین، لەوپەڕی بێئومێدیدا رووی خۆیان بەرەو هەرێمی کوردستان وەرگێڕا و کۆڕەوێکی لە ناکاویان دەستپێکرد. میللەتێک بە درێژایی مێژووی سەد ساڵی رابردوو بە حەسرەتی کەمێک سەربەخۆیی بووە، هۆی چییە لەکاتی دەسەڵاتی ناوخۆییدا وڵاتەکەی چۆڵ دەکات؟! چ هەڕەشەیەک یان تەماعێک یان پیلانێک لە پشت ئەو بڕیارە گشتیەدا هەیە؟

(IRDK) ئەنیستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان، لە تەوەرێکدا لێکۆڵینەوەی لە هۆکارەکانی کۆچکردن کرد. تەوەری دووەم بۆ باسکردن لە بزووتنەوەی سیاسی و باری سیاسی لە کوردستانی ڕۆژئاوا و ئەو ئەگەرانەی کەوا دەکەوێتە پێشیەوە بوو. جەختی ئەنیستیتۆ زیاتر لەسەر ڕای ناوخۆیی ڕۆژاوا بوو, ئەوەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە ناکەوێتە بواری دیبلۆماسیەتی ڕەسمی کە بەردەوام ڕای گشتی و چاودێران کەمتر ئاگایان لێیەتی.

### تەوەری یەکەم؛ هۆکارەکانی کۆچ

لێکۆینەوەیەکی مەیدانیمان لەسەر کۆڕەوی کوردانی ڕۆژئاوا ئەنجامدا , بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع هۆکارەکانی کۆڕە و پێکهاتە و باری کۆمەڵایەتی کۆچبەران بزاندرێ، هەروەها بیروڕاو و ڕوانگانی لەمەودوای کۆچبەران بزانێت. بۆ ئەو مەبەستە شەش کەمپی کۆچبەران دەستنیشان کران، سێ کەمپ لە هەولێر و سێ کەمپ لە پارێزگای دهۆک. پێکهاتەی خێزانیی کۆچبەران لە 13% حەوت کەسین , لە 16% شەش کەسین , لە 22% پێنج کەسین , لە 17% چوارکەسین , لە 10% سێ کەسین , لە 6% یان دووکەسین , هەندێک خێزانی 13 و 12 و 10 کەسیشیان تێدایە کە لە 3% دەکەسین و لە 4% نۆکەسین هەروەها لە 6% هەشت کەسین. ئەمە پێکهاتەی خێزانەکانە , لە 52% دانیشتووی شارن و 48% دانیشتووی گوندن , 78% باری گوزەرانیان خەراپە , لە 17% باری گوزرەرانیان مامناوەندییە و 5% باری گوزەرانیان زۆر باشە. کە وابوو ٨٥%ی ئەوانەی کۆچیان کردووە خێزانن، واتە گەنجی سەلت کۆچیان نەکردووە، نیوە بە نیوەش شارییو گووندییان تێدایە.

لەسەر هۆکاری پشتەوەی کۆڕە کردنیان و دوور و نزیکیان لە ناوچەکانی شەڕی تێدایە، بەم شێوەیە بوو: 90% دەڵێن وا هەستدەکەین کە ناوچەکانمان لە شەڕ نزیک دەکەوێتەوە! کەواتە شەڕیان نەدیتووە. لە 8% دەڵێن هیچ هەڕەشەیەکمان لەسەر نەبووە! و 2% دەڵێن هیچ بیرمان لێ نەکردۆتەوە و یەکسەر هاتووین. لەوەڕا دەردەکەوێ لە نوکەوە هەڕەشەیەک نەبووە ناچاریان بکات واری خۆیان چۆڵ بکەن. بێزاری و نارەزایی لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی ( PYD)، بارێ ئابووری سەخت و پڕوپاگەندی هاندان بۆ کۆچ کردن بەرەو هەرێمی کوردستان و ئاستی بەرزی ژیان لە باشووری ئازاد، هۆکارەکانی ئەو کۆڕەوەن. بۆیە پێویستە لەسەر مۆرکی دیاردەی کۆچ کردنەکە هەڵوەستە بکرێ. بە تایبەتی کە 84% دەڵێن پێش کۆڕەویش دەمانویست سەردانی هەرێم بکەین یان لێرە کار بکەین یان بمێنینەوە , 16% دەلێن نا بیرمان لێ نەکردبۆوە بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە وایکرد کە بیر لە هاتن بکەینەوە.

لەسەر هۆکارەکانی کۆچپێکەر،1% دەڵێن لەبەر نەبوونی خزمەتگوزارییە , 7% لەبەر بێکاری , ژمارەیەکیشیان دەڵێن لەبەر ترس لە پەیەدە , 31٪ دەڵێن ترسی (جبهة النو×رە)مان بۆ دروست بوو , 17% لە گرانی و هەڕەشەی برسیەتی بووە و 39% لەبەر ئەو کارەساتانە کە حکوومەتی سوریا بەسەر ناوچەکانی دیکەی عەرەبی ژێردەستی ئۆپۆزیسیۆنی سوریایی هێناوە ترساون. بە گشتی هۆی کۆچ ٢٦% ئابووریی بووە، ٧٠% لە ترسی شەر کۆچیان کردووە.

دوای گەیشتنیان و نیشتەجێ بوونیان لە کەمپەکان،ڕێژەی ڕازیبوونیان لە پێشوازی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان , 26% زۆر ڕازین , 9% بە شێوەیەکی مامناوەندی ڕازین , 34% بە شێوەی پلەی سێ رازین , 31% گلەییان هەیە. بە گشتی ٦٩% ی کۆچبەران لە حکوومەتی هەرێم بە دەرەجەی جیاواز رازین. سەبارەت بە چاوەڕوانییەکانیان و ئاسۆی ئەو کۆچەی تێیکەوتوون، زۆربەی بیرکردنەوەیان هەر لەسەر هەرێمی کوردستانە و زۆرینەیان داوای تەدەخولی راستەوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. هەڵبەی کەمینەیەک داوا دەکەن هیچ تەدەخولێک نەکرێت. 43% دەڵێن حەز دەکەین هێزی پێشمەرگەی کوردستان داخلی هەرێمی کوردستانی ڕۆژئاوا ببێ , 42% دەڵێن حکوومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی بنێرێ بۆ کوردانی ڕۆژئاوا , ئەو یارمەتییە مالی و لە هەمانکاتدا خۆراک بێت , 3% دەڵێن پێویستە سوتەمەنی بنێرێت , 4% دەڵێن پێویستە بە پارە و بە چەک پشتیوانی کوردانی ڕۆژئاوا بکرێت , 5% دەڵێن با داودەرمان بنێرێت , 3% دەڵێن پێویستە هیچ تەدەخولێک لە کاروباری ڕۆژئاوا نەکات. بەگشتی ٤٣% داوای تەداخۆلی حکوومەتی هەریم لە رۆژواو دەکەن و ٤٢%یش لایەنگری ناردنی یارمەتیین، کە دیارە ئەوەی دووهەم یانی ناردنی یارمەتی دەبێتە سیاسەتی ئەمرۆی حکوومەت.

وێدەچێ حەزی مانەوە و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگای باشووڕ لەلای کوردە رۆژاواییەکان زۆر بە هێز بێت و ئەوە بە رۆژگار دەبێتە بریاری نیهاییان و سەرەنجام ناگەڕێنەوە. وێکچوونی کۆمەڵایەتی و ئازادی نەتەوەیی و فرسەتی کار ئەو رێکارەیان لەلا بەهێز دەکات. 82% حەز دەکەن لە کەمپەکانیان بمێننەوە , 14% حەز دەکەن بێنە ناو شار و گوندەکانی هەرێم , 4% حەز دەکەن لە کەمپێکەوە بۆ کەمپێکی تر بچن کە لەوانەیە پەیوەندی بە ناسیاو

و کەس و کاریانەوە هەبێت. کە ٨٢% حەز دەکەن لە کەمپەکاندا بمێننەوە دێتە واتای ئەوە کە بار ودۆخی کەمپەکان دەبێ باشتر بکرێن.

کولتووری کار کردن لەلای کۆمەڵگای کوردی رۆژاوا بە هێزە و وەک هەموو سورییاییەکان، راهاتوون بە هێزی بازوو و شارەزایی خۆیان ژیان دابین بکەن. بۆیە ئامادەییەکی زۆریان تێدایە کە بە خێرایی بە دوای کاردا بگەرێن و تێکەڵی کۆمەڵگای باشوور ببن. ئەوانە راهاتوون بۆ ژیان لە ناوچە عەرەبیەکانی سوریا و لوبنان بە کاری توریستی و خزمەتگوزارییەوە خەریک بن، بۆیە زۆر بە ئاسانی لە هەرێم جێگای خۆیان دەکەنەوە.88% دەڵێن ئامادەین کار بکەین و بە وزەی کاری خۆمان بژیەین . 12% دەڵێن توانای کارمان نییە و ئامادەیی کاریشمان نییە. ئەوە لەوانەیە پەیوەندی بە نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیرییەوە هەبێت.

پرسی مانەوەو گەرانەوە بۆ واری خۆیان، جێی بیرکردنەوەی کۆچبەرەکان نیە بەڵام کە لێیان دەپرسرێ ئاخۆ رۆژگارێک دەیانەوێ بگەرێنەوە: 80% دەڵێن دەمانەوێ بگەرێینەوە , 19% دەڵێن بە هیچ شێوەیەک ناگەرێینەوە و هەوڵ دەدەین تێکەڵی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان دەبین و 1% دەڵێن لێمان گەرێن لێرەوە بەرەو دەوڵەتانی دیکە دەرۆین. کە ٨٠% خوازیاریی گەرانەوە بن دێتە واتای ئەوە کە ئەم خالە لە ووت وێژ لە گەل دەزگاکانی نێو دەولەتی دا دەتوانێ ببێتە خالێکی بەرچاوی هاوکاریی نیوان حکوومەت و رێکخراوەکانی نێو دەولەتی.

پێویستە لە دوو رووەوە ئەم دیاردەیە شیبکرێتەوە:

١- بوونی ژمارەیەکی زۆر کەمپی کۆچبەران چ رەگێکی سیاسی دەهێنێتە ناو کەشی سیاسی و زۆر تووندی هەرێمی کوردستان؟ چەند دەستێوەردانی دەرەکی زیاد دەکات؟ چەند دەبێتە دەسکەلای کێشەی نێوان حزبەکان؟ PKK چ ئیستفادەیەکی سیاسی و لۆجستییان لێدەکات؟

٢- بزووتنەوەی سیاسی رۆژاوای کوردستان لەبەرانبەر چ ئەرک و گۆرانکارییەک دان؟ چەند کاریگەرییان بەسەر کەمپەکانەوە دەبێ؟

مێژووی کۆچ لە جیهان و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، قەت بێ کێشە نەبووە و تێکەڵبوونی کۆچبەران یان گەرانەوەیان بۆ وار، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و سەختە. بەتایبەتی کە هیچ وێکچوونێک لە نێوان کۆچی کوردانی رۆژاوا لەگەڵ کۆچە مێژووییەکانی کوردی باشوور نیە. کوردی باشوور هەمیشە روویان لە گەرانەوە بووە بە تایبەتی ئەگەر کۆچەکەیان بۆ وڵاتانی دەوروبەر بووبێ. سەدان هەزار ئاوارەی کوردی باشوور دوای ١٧ ساڵ مانەوە لە ئێران، سەرەنجام لە کەشی ئازادی و رەفاهدا گەرانەوە واری خۆیان. لە ناوەراستی سەدەی رابردوو ئەو شۆرشگێرانەی لەگەڵ مستەفا بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت رۆیشتن، لەگەڵ یەکەمین دەرفەت هاتنەوە ناو کوردستان. ئازادی و خۆشگوزەرانی دوو هۆکاری سەرەکی مانەوە یان گەرانەوەی ئاوارەکانن. ئەو کوردانەی لە هەرێمی کوردستانەوە، پێش و پاش ئازادی ، بەرەو ئەورووپا کۆچیان کرد، بە حوکمی دوو هۆکارەکەی سەرەوە

بیر لر گەڕانەوە بۆ وار ناكەنەوە .ئەو هۆكارە لەسەر كوردانی رۆژاوا زۆر كاریگەر دەبێ و ئەگەری گەڕانەوەیان لە داهاتوودا لاواز دەكات.

ئاوارەكانی فەلەستینی لە ئوردن و سوریا و لبنان، بوونە بەشێک لە كێشەی سیاسی و رۆلی نەرێنییان لە هێمنی ناوخۆیی ئەو ولاتانە گێڕاوە. لە ئوردن بە هاوكاری ئۆپۆزسیۆن، تێكەڵی كۆدەتا و هەوڵی كوشتنی شا حوسێن بوون. لە لبنان بوونە لایەنێكی بەهێزی شەری ناوخۆ. لە وڵاتانی ئەفریقا هەمیشە كەمپەكانی ئاوارەكان جێكای كێشە و ئاژاوە بوون. نموونەیەكی بچووكمان لە كەمپی ئاوارەكانی كوردی باكوور(١٩٩٣) هەیە كە بەردەوام تێكەڵی كێشەی سیاسی بووە.

**تەوەری دووەم؛ بارودۆخی ناوخۆی بزووتنەوەی سیاسی كورد**

بزووتنەوەی سیاسی كوردستانی رۆژئاوا وەک حیزبەكان و سەركردەكانیان هیچ ئامادەیی و تواناییان تێدا نەبوو بۆ سەركردایەتی كردنی جووڵانەوەی سیاسی كۆمەڵگای كوردستانی. هەروەها پێشبینی ئەو رووداو و جموجۆڵە سیاسی و شۆڕشی سوریایان نەدەكرد. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی بزووتنەوەی سیاسی لە رۆژئاوای كوردستان كە بەردەوام حزبەكان و سەركردەكان هەوڵیانداوە بە شێوەیەكی ئاشتیانە كاری سیاسی بكەن , بەڵام لەوەشدا باجیان داوە بە حكوومەتی سوریا و هەمیشە لەژێر چاودێری و هاوكاری كردنی دەزگاكانی ئەمن و دەزگاكانی تری سەر بە حیزبی بەعسی سوریا بوونە. لە مەڕا متمانەی خەڵک پێیان كەمبۆتەوە و سنووری نێوان سەركردەكان و خەڵكی ئاسایی ئەوەندە كاڵ بۆتەوە كە هیچ كاریگەریان بەسەر خەڵكەكەوە نەماوە. بۆیە ژمارەیەكی زۆری حیزب یەک لە دوای یەک لەناو بزووتنەوەی سیاسی رۆژئاوای كوردستاندا دروست بوون و هیچ كەسایەتییەكی سیاسی نیشتمانی نەیدەتوانی لەسەر بەرنامەیەكی هاوبەش كۆیانكاتەوە. رۆژ لە دوای رۆژ كەسایەتی و لێپرسراوە سیاسییەكان لاوازتر و وابەستەتر دەبوون. بۆ بەرژەوەندییەكانی تایبەتی خۆیان سەرەتاتكێ و موجامەلەی رژێمی بەعسیان دەكرد. كۆمەڵگای رۆژئاوا كەوتە ژێر كاریگەری رواوەكانی سوریا و وڵاتانی عەرەبی كە پێی دەگوترێ (بەهاری عەرەبی) .كورد جموجۆڵی سیاسی و كۆمەڵایەتی خۆی بەوانەوە گرێدا. كاریگەری دووەم لە لایەن هەرێمی كوردستان و ئەنجامەكانی سەربەخۆیی باشووری كوردستان لەسەریان بەهێز بوو. هۆكاری سێیەمPKKیە كە لە كۆنەوە كاری لەسەر كردوون و لەوانەیە سەرەتا بە لاوازی دەستی پێكردبێ بەڵام لەم دواییانەدا بەهێز بووە. پەكەكە دەمێكە رێكخراوەكانی لە ناو كوردانی رۆژئاوادا هەیە , هەروەک دیارە ماوەیەكی زۆریش خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆكی پارتی كرێكارانی كوردستان لە سوریادا دەژیا.

لە ساڵی 2004دا جارێكی دیكە جموجۆڵێكی نارەزایی سیاسی بەرفراوان لە كوردستانی رۆژئاوا دەستی پێكرد. لەوكاتیشدا لاوازیی حزبەكانی كوردستان بوو بە هۆی ئەوە كە نەتوانن رێبەرایەتی ئەو جموجۆلە بكەن، كە لە قامیشلی وشارەكانی دیكەی رۆژئاوادا هەبوو. هیچ هەوڵێكی چاككردن و بەخۆداچوونەوەش لەناو بزووتنەوەی سیاسی و سەركردەكاندا نەبوو , هیچ مەركەز و كەسێكیان لێ دروست نەبوو كە بتوانێ یارمەتی بەخۆداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بدات بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بكەن و سەركردایەتی بزووتنەوەی سیاسی بكەن. هەر بۆیە كاتێک جموجۆڵی سیاسی وێرای شارەكانی دیكەی سوریا لە قامیشلی و شارەكانی دیكەی كوردستانی سوریا دروست

بوو(٢٠١١) , له سەرەتادا سەرکردەکانی حزبە کوردستانییەکان بێدەنگ بوون , دوایی هەوڵیاندا مەکۆی تەنسیقیاتەکان هێوربکەنەوە و پەرت و بڵاویان بکەن. بەردەوام لە دیدار و کۆبوونەوەدابوون لەگەڵ دەزگاکانی ئەمن و هەوڵیان دەدا بە هاوکاری ئەوان نەهێڵن کوردستان ببێتە بەشێک لەو بزووتنەوە ناڕەزاییەی بەرانبەر بە ڕژێمی ئەسەد هەیە. بۆیە هۆکارەکانی ئیقلیمی , واتە خودی سوریا و دەوروبەری عەرەبی، میسر و تونس و لیبیا و یەمەن و وڵاتانی دیکەی عەرەبی کە جموجۆڵی تێدابوو , هەروەها هەرێمی کوردستان و بارودۆخی نێودەوڵەتی , کاریگەرتر بوون لەسەر گەنجانی دانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستان تا بزووتنەوەی سیاسی و سەرکردەکانی. هەر ئەوەش بوو کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردان هەشت مانگ دوای جموجۆڵە سیاسییەکانی ٢٠١١دروست بوو. ئەم بارودۆخە وای کرد لەسەر چارەنوسی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژئاوا، دەستی دەرەوە یەکلاکەرەوە بێت.

ئەوەی سەرنجراکێشە لەگەڵ جموجۆڵە سیاسی و ناڕەزایەتییەکانی شوباتی 2011 ،لەسەرشێوەی بەشە عەرەبییەکەی سوریا، تەنسیقیاتی گەنجەکان دروست بوون. ئەم تەنسیقیاتانە هەرچەند پەیوەندیان بە سەرکردەکان و حزبەکانەوە هەبووبێ , بەڵام رادەی سەربەخۆییان زۆر بوو ، خەڵکانێکیان لەگەڵدابوون کە رۆشنبیر و هونەرمەند و کاریگەر بە رەوتی سیاسی و دیموکراتی و مەدەنی بوون.

سەبارەت بە دەستێوەردانی دەرەکی ولاوازیی سەرکردەکانی نێو خۆی رۆژاوا، چاودێرێکی سیاسی دەلێت: "

لە دەستپێکرا بە ئاگادارییی ئێران و بە شداریی هێند لایەنی کوردی باشوور پێوەندی لە گەل ئەسەد کرا بە مەبەستی هەولدان بۆ دووخستنەوەی کوردستانی رۆژاوا لە شۆرشی سەرانسەریی سوریە بە مەبەستی جێگرتنی رۆژاوا لە مێحوەریی سوریا- ئێران و هێند پارتی سەردەستی کوردی."

بەشێک لەچاودێرانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پێیان وایە:"

کە سەرۆکایەتی باشوور هەرچەند لە نزیکەوە چاودێری ڕووداوەکانی دەکرد بەڵام ئەو هەوڵەی هێند بەرپرسی باشوور و ئامادەیی حەرەکەی باکوور , هەروەها هاوکاری ئێران و سوریا وایکرد بکەوێتە بەردەمی ئەمری واقیع و لەم جموجۆڵانەدا بە پارێز هەڵسوکەوت بکات و سەرەنجام ئەو نەخشەیەی سوریا و یەکێتی و ئێران کێشابوویان بۆ ئەوەی حەرەکەی باکوور بکەن بە دەسەڵاتی یەکەم لەناو هەرێمی کوردستانی ڕۆژئاوا، سەری گرت".

ئێستا کاریگەری هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی لەناو ڕووداوەکانی کوردستانی سوریا بە پلەی دووەم دێت. هەر ئەوەش بوو کە ڕێگە درا چەکداری پەکەکە لە قەندیلەوە بەرەو ڕۆژئاوا بچن و بە زەبری چەک خۆیان بەسەر جموجۆڵی سیاسیدا بسەپێنن. باڵی چەکداری پەکەکە (PYD) زەبروزەنگ و گرتن و ڕاونان و کوشتن و هەڕەشەیەکی زۆر لەوکاتەوە تاکو ئێستا بەکار دێنێ.ئەوانە تا ساڵی ٢٠٠٤ نفوزەکی ئەوتۆیان نەبوو کە بتوانن خۆیان بە هێزی سیاسی یەکەم بزانن.

له میحوەرەی ناوبراودا ئامانج دابڕاندنی هەرێمی کوردستانە لە بزووتنەوەی سیاسی و ئەو گۆڕانکاریانە کە لە کوردستانی ڕۆژئاوا خەریکی ڕوودەدەن.بە هۆی زاڵبوونی چەکدارانی پەکەکە (پەیەدە) بەسەر شارەکان، کۆچی کوردانی ڕۆژئاوا پەرەیسەند.ئەو کۆرەوە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژئاواوە نەهاتوون. بۆ نموونە خەڵکی سەرێ کانی و عامودا تێدا نیە. زۆربەی هاتووەکان لە ناوچەی جەزیرە و قامیشلین. بەشێک لە ستراتیجیەتی ئێران و سوریا چۆڵ کردنی ناوچەی جەزیرەیە چونکە ناوچەیەکی نەوتییە. بە پێی هەندێک سەرچاوە ئێستا کورد لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی ناوچەی جەزیرە بە پلەی سێیەم دێت. پلەی یەکەم عەربی، دووەم مەسیحیەکان و کەمایەتیەکانی دیکەن و پلەی سێیەمیان کوردن. لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی ئەنیستیتۆی گەشەپێدان دەرکەوت کە ژمارەیەکی کەمی خەڵکی پەکەکە لەگەڵ کۆڕەوەکەدان. کە خەڵکێکی زۆر کۆچ دەکەن، ئەگەری هاتنە ئارای بارودۆخی سیاسی نوێ بۆ ڕێگا گرتن لە گەڕانەوەیان زۆرە. لە مەسەلەی چۆڵکردنی ناوچەی جەزیرە، شەڕەکانی نێوان پەیەدە و جەبهەی نوسرە پتر لە پیلانێک دەچێ نەک شەڕی نێوان کورد و حزبێکی دیکەی توندڕەوی ئیسلامی. مەترسی نەگەڕانەوە و پەرت و بڵاوبوونی ئاوارەکان بەرەو وڵاتانی ئەورووپا یان لە هەرێمی کوردستان هەڕەشەیەکی جدییە و پێویستە لە ستراتیجییەتی هەرێمی کوردستاندا بێت.

ئێستا بە کردەوە بەرژەوەندییەکانی پەکەکە و مەسەلەی کورد لە سوریا تێکەڵ بووە. حزبێکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی ڕۆژئاوا، باڵی بەسەر بزووتنەوە سیاسییەکەیدا کێشاوە و سیاسەتی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ. کوردی ڕۆژئاوا لە سیاسەتدا بێتەجرەبەن، بەڵام بە پێچەوانەوە پەکەکە ڕابردوویەکی تۆکمەی لە ترساندن و هەڕەشەکردندا هەیە وتوانیویەتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ. پەکەکە لە ڕێگای پەیەدەوە گەنجە شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیرەکانی ناو تەنسیقیاتی ترساندن. هەندێکیانی کوشتن و ئەوانی دیکەش هەموو ئاوارە بوون. بە پێی زانیاری هەندێک چالاکوانی کوردی ڕۆژاوا، پەکەکە ئەجندایەکی تایبەتی لەو بوارەوە هەیە کە جێبەجێی دەکات، ئەویش نەهێشتنی ئەو گیانە زیندووە سیاسیەیە کە لە دەرەوەی حزبەکان دروست بووە و پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ حزبەکان هەبوو چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەک بەرەو پەکەکە نەدەهاتن.

هەندێک سیاسەتمەداری کوردی ڕۆژاوا، ستراتیژی ئێران لە سیاسەتێکی داڕێشراو(با×نی)دا دەبینن و ئەم دیاردانەی لەناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی ڕۆژئاوا دەردەکەون، بەشێکی زۆری پەیوەندی بە پلانی ئێران و ڕوانگەی ئەو بۆ ناوچەکە هەیە. بە وتەی چاودێران:"

ئێران حوزوری چالاکی ئەمنی لە قامیشلوو هەیە، هەروەها باس لە بوونی ناوەندی هەماهەنگی لە باشوریشدا کە پیوەندی بە ڕۆژاواوە هەیە دەکرێ. بەو پێیە هەریمی کوردستان خۆی لە مێحوەری ئێران- سوریا بە تەواویی خەلاس نەکردووە، ئەم ڕەوت وتێندێنسە لە ڕابردووشدا بوونی هەبووە کە بۆتە هۆی و تەرەف لە شەری ناوخۆدا، بۆیە نابێ وەک دیاردەیەکی تازە سەیر بکرێ."

لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی پەیەدە لە کوردستانی ڕۆژئاوایدا خەریکە پێکهاتەی کورد لەناو سوریا لەگەڵ عەرەب پوازی لێدەدروێ، ئەو متمانە و دۆستایەتییەی هەبووە بەرەو لاوازی دەچێ و ئەگەری پێکهەڵپژانیش زۆرە. پەکەکە بە شێوەیەکی جدی کار لەسەر ئەوە دەکات کە تۆختر و بریندار تری بکات. هەروەها دابڕانی یەکجارەکی

کورد لە ئۆپۆزیسیۆنی سوریا جۆرێک لە دابڕانی نێودەوڵەتی توشی کورد کردووە. ئەگەر هەر مەوقیفێک یان لێدانێکی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە سوریا هەبێت , دور نییە ناوچە کوردییەکانیش بکەونە ناو چەقی ئەو لێدانە.تاوەکو ئێستا پەیەدە لە لایەن ئەمەریکاوە بە حزبێکی تیرۆریست دادەنرێت. مەسەلەی دیموکراسی و مەدەنیەت لە سوریا دەبێ لە پەیوەندی مێژوویی خۆی جیا نەکرێتەوە بەرانبەر بە کێشەی کورد. بۆیە ئێستا بزووتنەوەی سیاسی یان هەرێمی کوردستانی سوریا کە جۆرێک لە دەسەڵاتی خۆیی هەیە، زیاتر هەوڵ بدات تا لایەنە دیموکراتی و مەدەنییەکەی ناو ئۆپۆزیسیۆنی سوریا بخاتە ناو گفتوگۆی خۆی. پێویستە هەرێمی کوردستان بە جدی بە سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کوردستانی ڕۆژئاوادا بچێتەوە. ئەو هاوکاری و ئاسانکاریانەی دەیکات، هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی باشوور لە کاریگەری ڕاستەوخۆی ناو کوردستانی ڕۆژئاوا دوور دەخاتەوە و لە پلەی دووەمەوە بەرەو دوورتریان دەبات.لەلایەکی دیکە هەندێک چاودێر سیاسەتی هێمنانەی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی باشوور سەرباری قۆستنەوەی لەلایەن پەکەکەوە، ڕاستە، چونکە تاکو ئێستا ئۆپۆزیسیۆنی سوریا بە هەموو لاباڵەکانیانەوە هیچ ڕوانگایەکی ڕوونیان بەرانبەر بە مافەکانی کورد نییە , بۆیە ناکرێ کورد داخلی هاوپەیمانێتییەک بێت کە بەرژەوەندییەکانی تێدا پەسەند نەکرابن. مەسەلەی مەزهەبی و دینی بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی سوریادا زاڵە. کێشەکە پتر بۆتە کێشەی نێوان توندڕەوی سونی و عەلەوی، کە لەو بەینەدا میحوەرەکانیش دروست بوونە: میحوەری سونی= تورکیا + وڵاتانی خەلیج. میحوەری سوریا+ حیزبوڵڵا +پەکەکە+ ئێران= میحوەری عەلەوی. ئەو مەزهەبییەتەی حکوومەتی سوریا هاتۆتە ناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، هاوپەیمانی ئەسەد+ ئێران +پەکەکە لەسەر ئەو بنەمایە دروست بووە. هەر ئەوەشە زەبری لە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەرێمی کوردستان داوە و هێناویەتە پلەی دووەم , چونکە پارتی بە تەواوی داخلی میحوەری عەلەوی نەبووە.

کوردستانی باشوور لە هەرێمێکی سەربەخۆدا دەژیت , ئاسۆی کوردستانی باکوور ڕوونە ئەگەر تووشی توندوتیژی نەبنەوە و پرۆژەی ئاشتی بەرەوپێشەوە بچێت ئەوا هەلی گەیشتنی بە ئازادی هەیە. بەڵام ئەوەی دەکەوێتە ناو پرۆژەی ئێران- سوریا کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە زەرەر دەکەن. هەردووکیان دەبنە قوربانی تەدەخولی ئەو دوو وڵاتە و هاوپەیمانەکانیان لەناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان.

کوردی ڕۆژئاوا هەمیشە لەناو بزووتنەوەی نەتەوەییدا لە ڕووی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی پێشەنگ بوونە و بەردەوام و سنوریان بەزاندووە و یارمەتی دروستبوونی حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان داوە و هەڵسانەوەیان و جێگە بۆ کردنەوەیان کردوون. دکتۆر هاشمی ئەحمەدزادە پێیوایە ناسیۆنالیزمی کوردستانی ڕۆژئاوا ناسیۆنالزمێکی سنور پەڕێن یان سنور شکێنە. مەبەستی سنوری دەستکردی نێوان کوردستانەکانە.لێرەدا جیاوازی وتاریی ستراتیجیانەی نێوان هێزەکانی باشوور بۆ رۆژاوا و باکوور وای کردووە کە کاریگەریی لە سەر هەریمی کوردستان دابنێ و لاوازی بکات. بۆیە لەوانەیە لێنەگەڕێن هەرێمی کوردستان هەر ئاوها لە ئارامیدا بێت و هەڕەشەی تیرۆری بێتە سەر، بۆ ئەوەش لەوانەیە ژمارەیەک هۆکاری ناوچەیی بەیەکەوە هاوکاری بکەن. هەندێک چاودێر پێیانوایە هەرێمی کوردستان ئێستا کەوتۆتە ناو داوی سیاسەتەکانی تەسلیم بوون بە ئێران+ پەکەکە + سوریا و دەبێ سەرۆکایەتی سیاسی هەرێم خۆی لەو تێکەوتنە قورتار بکات.

کردەوە پەیەدە بە هاوکاری سوریا سەرکەوتووە و زاڵە.هەڵبەت ئەو سەرکەوتنەی پەیەدە نابێ بە شەڕ یان بە توندوتیژی چارەسەر بکرێ، بەڵکو پێویستە بە ڕێگای گفتوگۆ و کاریگەری دیکە چارەسەی بۆ بدۆزێتەوە. پەکەکە کوردانی ڕۆژئاوا وەک قۆچی قوربانی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان دێنێ و هیچ کاتێک خۆی ناکاتە فیدای کوردستانی ڕۆژئاوا. بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە باسی حزبەکانی دیکە لە ڕۆژاوا دەکرێ کە پەیوەندی مێژوویان لەگەڵ هێزەکانی باشووردا هەیە. هەمیشە خراپییەکان لەوێ ڕەنگی داوەتەوە و وەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا ئەوە بە لاوازی کەسایەتی و ڕێکخستنی حزبەکان تەواو بوون.یەکێک لە چاودێران پێیوایە کە هێزەکانی باشوور نابێ لە روانگای حزبە لایەنگرەکانی خۆیانەوە تەماشای کێشەی کوردستانی ڕۆژئاوا بکات , چونکە لەوانەیە بە هەڵەیاندا ببەن.

سەبارەت بە چارەسەر کردنی کێشەی پەنابەران ،پێویستە بیر لە گەڕاندنەوەیان و دابینکردنی کەمپ لەودیو سنور واتە لە لەناو خاکی خۆیان بکرێت و لەوێ هاوکاری بکرێن. ئەگەر نەتوانن بگەڕێنەوە ناو شار و گوندەکانی خۆیان ئەوا لە کەمپی ناو نیشتمانی خۆیاندا بن. لەوانەیە لەو ڕووەشەوە بکرێت هەندێ هاوکاری نێودەوڵەتی بۆیان دابین بکرێ. پێویستە ئاراستەی سیاسەت لە هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ بێت، بە هیچ شێوەیەک بیر لە شەڕی پەکەکە و پەیەدە نەکرێتەوە چونکە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و ورەی کورد دەڕوخێنێ. پێویستە بە دیقەتەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکرێ و سیاسەتێکی حەکیمانە بگیرێتەبەر کە بریتییە لە بەرژەوەندی باڵای کوردستان و بەکارهێنانی حیکمەتی لێکتێگەیشتنە. دوور نییە کوردەکانی تورکیا و عێراق و سوریا و ئێران لە شەڕی یەکتردا بن لە ناو ڕۆژئاوای کوردستان و هەریمی کوردستان و شوێنەکانی دیکەش. شەڕێکی ئیقلیمی لەناو سوریا لە کاردایە و کوردیش کەوتۆتە ناوی بێ ئەوەی کورد خۆی بۆ ئامادەکردبێ، لە جیاتی ئەوەی ڕوانگایەکی نیشتمانیانەی پراگماتیانەی هەبێ و لەو شەڕە ئیقلیمییە شوێنی خۆی بۆ پاراستنی خۆی دیاری بکات و لێی دووربکەوێتەوە، بە پێچەوانەوە خەریکی ناکۆکی بچووکە و لەوانەیە ببێتە مایەی شەڕی ناوخۆی کوردان.